پرۆژەی دڵنییایی جۆری فێرکردن لە بەرامبەر تەدەخولی حیزب لەزانکۆ

د. شۆڕش حەسەن

لەوەتەی حکومەتی هەرێم هەیە، تەدەخولی حیزب لە دەسەڵاتەکانو دامودەزگا گشتییەکاندا تا سەر ئێسقانە، وەزارەتێك، فەرمانگەیەك بەدەرنییە لە کاریگەری ئەم تەدەخولە، ئەم دۆخەش وەك ئەزمونی ئەم ماوەی حوکمڕانییەتیە، دەریخستووە لە قازانجی بەرژەوەندییە گشتییەکانی هەرێمو دەسەڵاتەکەشی نییەو تەنیا خزمەت بەو کەسانە دەکا، کە لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندیپە تایبەتییەکانیان، خۆیان بەدامێنی حیزبەوە هەڵواسیوە.

ئەم باسە زۆر هەڵدەگرێو لەم پێشەکییەوە مەبەستمە بێمە سەر ئەو پرۆژەیەی، کە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا، دەستی داوەتێ بەناوی (پرۆسەی دڵنییایی جۆریی فێرکردن) بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی لەزانکۆو پە یما نگا کا نی هەرێمدا، کە خۆم وەك مامۆستایەك لەگەڵ هەر کارو پرۆسەیەکدام بۆهێنانەدی ئەم مەبەستە، بۆیە خودی پرۆسەکە بەباشو خراپ شتێکی لەسەرناڵێم، ئەگەرچی تێبینیشم لەسەری هەیە. بەڵام مافی خۆمانە بپرسین، ئایا گەڕانەوەی هەیبەتی زانستیو سەربەخۆیی زانکۆ، لە دەستێوەردانی حیزبو داڕشتنەوەی هەیکەلی زانکۆکان لەسەر بنەمای پێوەرە زانستییەکان، گەرەنتی پێشوەخت نییە بۆ باشترکردنو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی زانکۆکان، لەپیادەکردنی هەر پرۆسەیەکی تر بۆنمونەوەك پرۆژەکەی جەنابی وەزیر، چونکە ئێمە چاوەڕوانی چی لە سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بکەین، لەکاتێکدا حیزب بینەقاقای زانکۆکانی گرتووەو هەر لەبڕیاردەرێکی بەشەوە، تادەگاتە سەرۆك بەشو راگرو یاریدەدەرەکانیو سەرۆك زانکۆکانو هەتا پۆستو پایەکانی ناو وەزارەتیش، بەشێوەیەکی گشتی زۆرینەیان بەتەزکییەو تەوجیهی حیزب دانراونو داشئەنرێن، ئیتر دەبێ ئەم پرۆژەیە چ عەسایەکی سیحری بەدەستەوەبێ تابتوانێ بەرەنگاری ئەو دۆخە ناسروشتییەی زانکۆکان بێتەوە. ئێستاش بۆ پڕکردنەوەی هەر پۆستێك لەمانەی ئاماژەمان پێدان، دەبێ موراعاتی هەڵوێستی حیزب یا پشتیوانیکردنی بکرێ لەسەر ئەو مامۆستایەی کە بۆ پڕکردنەوەی ئەم پۆستە دێتە پێشو هەوڵی بۆدەدات، ئیتر گرنگ نییە ئەو مامۆستایە، تا چەند مەرجە زانستییەکانی تیادێتەدی، نمونەش زۆرن لەسەر تەدەخولی حیزب دیارترینیان ئەو هەواڵەی رۆژی ٢٠١٠/٤/٢٢ لە سایتی یەکگرتو لەسەر نوسراوێکی زانکۆی سەلاحەدین بڵاوکرایەوە.

> **حیزب بینەقاقای زانکۆکانی گرتووەو هەر لەبڕیاردەرێکی بەشەوە، تادەگاتە سەرۆك بەشو راگرو یاریدەدەرەکانیو سەرۆك زانکۆکانو هەتا پۆستو پایەکانی ناو وەزارەتیش، بەشێوەیەکی گشتی زۆرینەیان بەتەزکییەو تەوجیهی حیزب دانراونو داشئەنرێن**

بۆیە من لێرەدا، لەوەزیری بەڕێز دەپرسم، ئایا دەسەڵاتی ئەو باڵاترە بەسەر زانکۆکان، یا دەسەڵاتی حیزب ؟ ئەگەر دەسەڵاتی حیزب باڵاتربێ (هەروەك تا ئێستا واقیعە) مانای ئەوەیە کەپرۆسەکەی جەنابیان، هیوایەکمان پێنابەخشێو ناتوانێ ئەو بارە خراپەی خوێندنی باڵا راستکاتەوە، کە تێیکەوتوە. خۆ ئەگەر دەسەڵاتی وەزیریش باڵاترە لە هی حیزبو دەتوانێ کۆتایی بەتەدەخولی حیزب بێنێ لەکاروباری خوێندنی باڵا، ئەوا دەبێ بەر لەپیادەکردنی پرۆسە جۆرییەکە، هەیکەلی وەزارەتەکەیو زانکۆو پەیمانگاکان، سەرلەنوێ دابڕێژتەوەو بەگوێرەی پێوەرە زانستییەکان پۆستەکان دابەشکرێنەوە، تەنیا ئەمە سەنگی مەحەکەو مومکین نییە، زانکۆ بە هیچ پرۆسەیەکی بەناو زانستی هەڵسێتەوە سەرپێ، کاتێ حیزب بتوانێ بەپێی ئارەزوو و بەرژەوەندییەکانی تەراتێنی تێدا بکات، چونکە ئەمە ئاوێك بوو حیزبی بەعس رشتی، لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو زانکۆ پرشەنگدارەکانی عێراقی بەم رۆژە گەیاند، کە ئێستا لەئاستێکی زانستی زۆر نزمدان. بەداخەوە، ئێمەش لەدوای راپەڕینەوە ئەم ئەزمونە شکستخواردوەمان دووبارە کردەوەو تاهەنوکەش بەردەوامین لەسەری، جا نازانین وەزیری بەڕێز، دەتوانێ کۆتایی بەم دۆخە بێنێ، لەپێناو سەرکەوتنی پرۆژەکەیو سەربەخۆیی زانکۆکان، یا پرۆژەکەی ئەمیشوەك چەندین پرۆژەی تر کەبۆ ئەم هەرێمە هاتوە تەنیا کات بەفیرۆدانو هەدەردانی سامانی گشتی لێدەکەوێتەوە.

پێشنیاری پێکهێنانی "ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسان"

کەژاڵ حەمە رەشید

بەڕێزان، نووسەران، رۆژنامەنووسان، ئەمڕۆ کاری رۆژنامەگەرییو چاپەمەنی لە کوردستان، هەروەها ئازادی سیاسیو ئازادی رادەربڕین، رووبەڕووی هەلومەرجێکی سەختو دژوار بووەتەوە. بەتایبەتی دوای رووداوە تراژیدییەکەی ٥/٤و تیرۆری رۆژنامەنووس سەردەست عوسمان، مەسەلەی ئازادی چاپەمەنیو رادەربڕین چووە قۆناغێکی ترەوە. لە کوردستان، کاری رۆژنامەگەریی، تەنها بەڕێوەبردنی کارێکی تەکنیکی، یان پەیامنێری رۆژنامەیەك، یان رادیۆیەكو تەلفیزیۆنێك نییە، یاخود تەنها نووسینو کۆکردنەوەی بابەتی رۆژ بۆ رۆژنامەو دامەزراوەیەکی تایبەت نییە. لە کوردستان، بەشێکی سەرەکی کاری رۆژنامەگەریی بەشێکە لە سیاسەتو کاری بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆژیاکانو نارەزایەتی دەربڕینو رەخنەگرتنی سیاسی لە دەوڵەتو دەسەڵات، پارتو کەسایەتیو هەروەها ڕێکخراوەکان. هەر بەم هۆیەشەوە، کاری رۆژنامەگەرییو ئازادی رادەربڕین، بەردەوام لە کێشەدایەو لەژێر فشارو زۆری دەوڵەتدایە. رۆژنامەگەرییو ئازادی رادەربڕین لە دوای ئازاری ١٩٩١وە هەنگاوێکی زۆر گەورەی بۆ پێشەوە نا، بەڵام بەهۆی نائارامیو نا سەقامگیری سیاسییەوە، نووسەرانو رۆژنامەنووسان، بەردەوام لە کێشمەکێشمدا بوونو لەم بارەیەوە بوونە خاوەنی قووربانیو کارەساتی تراژیدی لەوێنەی تیرۆری سۆرانی مامە حەمە، لە کەرکوكو سەردەشت عوسمان لە هەولێر.

لێرەدا ئەگەر باس لە هێرشەکانی دەوڵەتو دەسەڵاتدارانو زۆر کاتیش هێزە دینیو ئیسلامییەکان، بۆ سەر رۆژنامەنووسانو ئازادی رۆژنامەگەریی بکەین، ئەوا زۆرن لە بابەتی داخستنی گۆڤارو رۆژنامەکانو هەڕەشەکردن لە نووسەرانو تا دەگات بە تیرۆرەکان. بەڵام ئەوەی من مەبەستمە، ئەبێ چی بکەین بۆ بەرگرتن بەم هەلو مەرجانەو بەدیهێنانی ئازادی رۆژنامەگەرییو پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسانو بەدەستهێنانی ئاسایشو ئەتمۆسفێرێکی گوونجاوو دوور لە سانسۆری سیاسی کۆمەڵایەتی، بۆ کاری رۆژنامەگەریی. لەم بارەیەوە من چەند پێشنیارێکم هەیە، هیوادارم بە هەوڵی هەموو لایەك، لەپێناو دەنگی ئازادو ئازادی رۆژنامەگەرییو پاراستنی گیانی رۆژنامەنووساندا، کاریان بۆ بکەین، بەم شێوەیە:

١-هەڵبەت لە هاتنە مەیدانو دەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانو رۆژنامەنووسانو هاتنەدەری ژمارەیەکی هێجگار زۆری چاپەمەنیدا، سەندیکای رۆژنامەنووسانو یەکێتی نووسەرانی کوردو چەند ڕێکخراوێکی تری لەم بابەتە هاتە ئاراوە، بەڵام بەداخەوە، ئەو ڕێکخراوانە ڕێکخراوی دەوڵەتینو سەربەخۆ نین لە کارەکانیانداو لە بڕیارو هەڵویستیاندا، دەبێت پەیوەستبن بە پارتە سیاسییەکانو لیستە حیزبییەکانیانەوە. ئەم ڕێکخراوانە، دەبێت هەمیشە لەپێناو دەسەڵاتدابنو بۆیان نییە لەپایەی دەسەڵات کەم بکەنەوە. بە کوورتی ئەم یەکێتیو سەندیکایانە، ڕێکخراوی بیرۆکراتینو بابەتی رۆژنامەنووسانێکە کە لەپێناو دەسەڵاتدابن. ئێستا ئەگەر سەندیکای رۆژنامەنووسان، یان یەکێتی نووسەرانی کورد، زمانحاڵی رۆژنامەنووسان نییە، ئەوا دەبێت رۆژنامەنووسان بڕیار بدەنو سەندیکاو ڕێکخراوی واقعیو سەربەخۆی خۆیان پێکبهێنن.

٢- بەسەر یاساکانی کاری رۆژنامەگەرییدا بچینەوەو جارێکی تر دایان بڕێژینەوە، بەڵام ئەمجارە بەشێوەیەك دایان بڕێژینەوە، کە ئازادی رۆژنامەگەریی مسۆگەر بکات. ئەو دەستوورو یاساکارانەی کە هەموو جارێك لە پەرلەماندا هەموار دەکرێن، بەڵام لە باشترین حاڵەتدا، لەژێر زەختو زۆری رۆژنامەنووسانو ئازادیخوازاندا هێشتا بوارو فرسەتی ئەوەی تیا ئەهێڵنەوە، کە بتوانن هێرشی یاسایی پێبکەنە سەر رۆژنامەنووسانو دەنگی ئازادو رۆژنامەنووسان، رووبەڕووی زیندانو ئیجرائاتی یاسایی بکەنەوە.

٣- لەوڵاتێکدا، کە رۆژنامەنووس تیرۆر دەکرێت، سوکایەتی پێدەکرێت، زیندانی دەکرێت، هەروەها ڕێگری لەبەردەم کاری رۆژنامەگەرییاندا هەیە، ئەوا پێویستە ئەوانیش پێداویستی خۆپاراستنو ڕێکخراوو دامەزراوەی تایبەتیان لەم بارانەوە هەبێت، کە لەلایەك سەلامەتی پیشەکایان بپارێزێت، لەلایەکی تریش، گیانیان لە تیرۆرو رفاندنو هەڕەشە بپارێزێت. لەوڵاتانی دنیادا، زۆر ڕێکخراوو دامەزراوەی ژۆرنالیستی هەن، کە تایبەتن بە پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسان. بۆ نموونە یەکێکە لەو ڕێکخراوە جیهانیانەی کە تایبەتە بە پارێزگاریکردنی گیانی رۆژنامەنووسان. Committee to Protect Journalists

ئەمەو سەدان ڕێکخراوی تری لەم بابەتە لەوڵاتانی دنیادا هەن، ئێمەش ئەکرێ سوود لەو تەجرووبانەی ئازادیخوازانی دنیاوەرگرینو لە ئێستادا کە تیرۆرو زیندانیو سوکایەتی لە بەرامبەر رۆژنامەنووساندا بووە بە پیشەی دەوڵەتو دەسەڵاتداران، پێویست دەکات ئێمەش، ڕێکخراوی لەم بابەتە بۆ پارێزگاریکردن لە خۆمان پێکبهێنین. ڕێکخراوێکی لەم بابەتە بۆ نموونە ئەکرێت ئەم بەشانە لەخۆ بگرێت:

١- لێژنەی لێکۆڵینەوە لە هەڕەشەو تیرۆرەکان.

٢-لیژنەی ئاگادارکردنەوە رۆژنامەنووسان لە جێگاو شوێنە گومانلێکراوەکان، یان هێرشێك کە لە سەریان هەیە،

٣-ژمارەی نهێنی بۆ هەر رۆژنامەنووسێك بۆ پەیوەنیکردن لە کاتی تەنگانەدا،

٤-ئۆتۆمۆبیلی فریاکەوتن،

٥-تیمی فریاکەوتن لە رووداوەکان،

هەڵبەت ئەمانە لایەنە گرنگەکانییەتیو کەناڵی تر زۆرن بۆ گەشەپێدانی ڕێکخراوێکی لەم بابەتە. دواتریش دەتوانین ریسێرچو خوێندنەوەی زیاترمان هەبێتو زانیاری زیاتر کۆبکەینەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.

نووسەران، رۆژنامەنووسان: بەو هۆیەوە کە سەردەشت عوسمان رۆژنامەنووسێکی بوێرو چاونەترس بوو،وە تیرۆرکردنی ئەو بووە هۆی هێنانەدەری نارەزایەتیەکی بەرینو فراوان کە مێژووی کۆمەڵگای کوردستان کەمی بەخۆوە بینیوە لەو جۆرە خۆپیشاندانو نارەزایەتی دەربڕینە، کە ئەمانە هەمووی تروسکایی شۆڕشێکن بەرامبەر بە دەسەڵاتی سەرکوتو تیرۆر لە پێناو بەدیهێنانی ئازادی رادەربڕینو رۆژنامەگەرییدا، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ڕێکخراوێکی لەو بابەتە پێکبهێنین، بە ناوی «ڕێکخراوی سەردەشت عوسمان بۆ پارێزگاری لە گیانی رۆژنامەنووسان»

دەوڵەتیش دەبێت بەرپرس بێت لە کۆمەکی تەواوی ئەم جۆرە ڕێکخراوانەو مۆڵەتی یاسایی پێبداتو بووجەی تایبەتی بۆ ببڕێتەوەو وەڵام بە پێداویستییەکانی بداتەوە.

هەر لەم بارەیەوە، من وەك رۆژنامەنوسێك کە رووبەڕوو بووم لەگەڵ هەڕەشەو ڕێگریو قوورساییەکانی بەردەم کاری رۆژنامەگەرییمدا، ئامادە دەبم بۆ هاوکاریکردنی پرۆژەی لەم بابەتە گەر هاوکارەکانم لە کوردستان دەست بەکار بن.

بژی ئازادی رۆژنامەگەرییو رادەربڕین، رسوایی بۆ سەرکوتو تیرۆرستان

تێبینی: ئەم پێشنیارانەم لە کۆبونەوەیەکی نارەزایەتی کە دژ بە تیرۆری سەردەش عوسمان ڕێکخرا لە شاری تۆرۆنتۆی کەنەدا، لە قسەوباسێدا پێسکەشکرد.

تارمایی تیرۆرو مەترسی دیکتاتۆری لە کوردستان

یاسین لەتیف

چرکەساتی دەسەڵاتی دیکتاتۆری، لەوکاتەوە دەستپێدەکات، لۆژیکی تیرۆرو تۆقاندنو سڕینەوەی فیزیکی ئینسان، دەبێتە کارنامەو مامەڵەی سیاسی دەسەڵاتە سەرتاپاگیرەکان، پراکتیزەکردنی ئەم جۆرە رەوشە لە هەر وڵاتو نیشتمانێکدا، لەگەڵ بیری ئازادو رۆشبیرانو نووسەرانی خاوەن هەڵوێست سەردەمو قۆناغی هەڵتۆقینو نەشونماکردنی سیستەمی تۆتالیتارییە، دەسەڵات بەشێوەیەکی دراماتیك، دەستدرێژیو سەرکوتکردن، دەکاتە پیشەسازی کردەی سیاسی خۆی، چونکە دەسەڵاتی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا، درك بەوە دەکات، بۆ داپۆشینی تاوانو ستەمکاریو چەواشەکردنی کۆمەڵگا، پێویستی بەداخستنو پایماڵکردنی دەنگە ئازادەکانو لەناوبردنی رۆشنبیرانە، دیسان درکیش بەوە دەکات، رۆشنبیرانی هەرکۆمەڵگایەك کەسایەتی کۆمەڵایەتیو بوونەوەرگەلێکن، پابەندن بە کۆمەڵێك پرێنسیپەوە. ئەو پرێنسپانە ناچاری دەکەن، دەستبخاتە نێو کۆی بوارەکانی کۆمەڵایەتیو سیاسیو کولتوریو ئابووری و پەروەردەییوڵاتو هەوڵو تواناکانی خۆی بخاتەگەڕ بە مەبەستی گۆڕانکاری لە ستراکچەری تێکڕای بوارەکان، بەرەو ئاراستەیەکی پۆزەتیڤو رۆشنو گەش، کە خێروخۆشی کۆمەڵگاکەیو نیشتمانەکەی تێدابێت. بۆ راگرتنی ئەو ژێنگە چەقبەستووو سەپێنراوەی کە لەگەڵ خواستە هەژمونگەرییەکانی دەسەڵات جووتو تەبایە، لەگەڵ هەر هەنگاوێکی ئازادیو پێشکەوتنخوازی لە لایەن توێژی رۆشنبیران دەسەڵات پێی سەخڵەت دەبێتو لە بەرانبەردا دەکەوێتە ململانێکی سەختەوە. بێگومان رۆشنبیران چاوساخی کۆمەڵگانو ئەرکێکی ئەخلاقیو ئینسانی گەورەیان لە سەرشانە، ناتوانن بێدەنگبن لەئاست هەر فینۆمینۆی پۆخڵواتییەك، دوچاری وڵاتو کۆمەڵگاکەیان دەبێتەوەو دەبێتە بەرئەنجامی بەرتەسککردنەوەی پانتایی ئازادییەکانی تاكو کۆمەڵ، زۆر بە پەرۆشەوە بەرگیری لە ئازادیو دیمۆکراسی دەکەن، لۆژیکی ئازادیو ژینگەی دیمۆکراسی بوون، ووزەی بیرکردنەوە دەبەخشێتە رۆشنبیرو ناسنامەی کەسایەتییەکی مەعنەوی بۆ دیاری دەکات. سەرباری ئەوانەش، رۆشنبیران خودی خۆشیان دەخەنە بەر رەخنەو پیاچوونەوە بۆ هەڵێنجاندنی بیری نوێو عەقڵی تازەگەریو بە کولتور کردنی لە نێو کۆمەڵگادا. لە هەموو سەردەمەکاندا، تێکڕای ئەو دۆخانەو هەڵوێستی رۆشنبیرو رۆژنامەنووسانی سەربەخۆ بووە بە فۆبیاو ترس، بەلای دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانەوە، سروشتیە مێژووی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانو پەیوەندی لەگەڵ توێژی رۆشنبیرانو نووسەرانو رۆژنامەنووسانی بە هەڵویست، مێژوویەك بووە پڕاوپڕ لە ستەمکاریو کوشتو بڕو دەست درێژی کردنە سەر ئازادییەکانی رۆشنبیران، تا ئەو جێگایەی دەگاتە سڕینەوەی فیزیکی جەستەیش، یەکەم بەرکەوتنو روبەڕووبونەوەی دەسەڵاتە سەرتاپاگیرەکان، لەگەڵ توێژی رۆشنبیرانی خاوەن هەڵوێستو هەڵگرانی ئایدیای ئازادو سەربەخۆ بووە. مێژوو ئەمەمان بۆ ساغ دەکاتەوەو نموونەکان زۆرن، پێویست ناکات لێرەدا دووبارەی بکەینەوە، بەڵام مێژووی دەسەڵاتە دیمۆکراسەکانو پەیوەندیەکانی لەگەڵ رۆشنبیرانو نووسەرانو رۆژنامەنوسانی سەربەخۆو چالاكو بوێرو ئازادی خواز، مێژوویەکی دۆستایەتیو هەماهەنگو پۆزەتیڤ بووەو تەنانەت لە بەرانبەر دەست خستنە سەر درزو کەلەبەرەکانو دەستنیشانکردنی کەموکورییەکان، لەبوارە جیاجیاکانی ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی تایبەت بە ژیانی ئینسانو ئاشناکردنی بە دەسەڵات، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان. دیسان چالاکیو هەنگاوە بوێرکانی ئەم توێژەو بە دەستهێنانی زانیاری لە بوارە جیاجیاکانداو گەیاندنیان بەوەرگر، پاداشتو خەڵات کراون لە لایەن سیستەمە دیمۆکراسییەکانەوە. بەڵام لە کوردستان ئەم رەوشە ئاقارێکی دیکەی وەرگرتوەو سیستەم پێچەوانەی هەموو پێوەرو بەهاکانی دیمۆکراسی دەڕواتە پێشەوە، دواجار ترسو گومان لای ئینسان دروست دەکاتو توشی سەرسوڕمانمان دەکات، لەبەرئەوەی دەسەڵات، هەمیشە بە جۆرێك لە جۆرەکان، مامەڵەی لەگەڵ ئەم توێژەدا کردوە وەکو بوونەوەرێکی ترسناكو دژو نامۆ بە دەسەڵاتو کۆمەڵگاو دیسان پێناسەیەکی دیماگۆجانەی بۆ ئەم توێژە کردوەو بەشێوەیەك گریمانەی کردوە بۆ کۆمەڵگاو پێیان دەناسێنێت، کە ناجۆرو نەگونجاوو دژە لەگەڵ رەهەندە نیشتمانیو نەتەوایەتیو ئاسایشەکانی کوردستان، سیستەم لە سەر میتۆدێك، دەڕوات بەڕێوە زۆر خێڵەکییەو رازی نابێت بە هەر بیرکردنەوەیەك کە جیاواز بێت لە سەر بیروڕا هەمەگیەکانی خۆی، ئەو ماوە درێژەی کە دەسەڵاتی ناسیۆنالیستی کورد تێیدا حوکم دەکات بە قەد ئەوووتارو لێدوانانەی بەر پرسان لەمەڕ ئازادیو دیمۆکراسی دەیچرپێنن بە گوێی دنیاداو، وەکو (مەکرەمەیەکی خێڵەکی) ! دەیدەنەوە بە نێوچاوانی گەلی کوردستانەوە، هاوتەریبی ئەو لێدوانانەیان تارماییەکی رەشو نوتەك، پڕلە ستەمکاریو توندوتیژی، دەرحەق بە رۆژنامە نووسانو رۆشبیران بەڕێوە دەبەن، رۆژانە لە کەناڵەکانەوە، شاهید حاڵی دەستدرێژی کردنە سەر میدیای ئەهلیو سەربەخۆکانین لە لایەن دەسەڵاتەوە. تەنها بۆ سازاندنی تارماییەکی ئەنارشیزمانەو راکێشانی پەردەیەك بە سەر کۆی نووسینەکانی رۆژنامە نووسانی سەربەخۆو نووسەرانو رۆشنبیرانی راستگۆ، لەشکرێك ((لۆمپێنیزمو فرەوێژی)) قەڵەم بە دەستو راپۆرت نووسی نێو ئۆرگانەکانی حیزب، بەناوی ژورنالیستەوە، کە نان بە نرخی رۆژ دەخۆنو فەرمانی ئەوان، تەنها پیاهەڵدانو رووپۆشکردنی راستییەکانە، لە بەرامبەر ئەو گوێلە پارەیەی کە وەری دەگرن، وەك کەسانێکی دەربار، گەر کلاوێکیان بۆ دانێیت دوازدە سەعات قسەی بۆ دەکەن، لە میدیاکانی حیزبەوە تۆمەتو هێرشی ناڕەوا دەکەنە سەر رۆژنامە نووسانو رۆشبیرانی سەربەخۆو ڕێخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی. لە راستیدا ئەو دەستە رەشەی (سەردەشت عوسمانو سۆرانی مامە حەمەو دکتۆرعبد الستار تاهیر شەریفی) تیرۆر کرد، تیرۆرێکی سیستماتیكو رەنگ بۆ ڕێژراو بووەو تەنها ئامانجیشیان سەرکوتکردنی بیروڕای ئازادو لە ناو بردنی قەڵەمی بوێرو نەترس بوو. ئەم کردەوە وەحشیگەریو بەربەرییە، کە لەنێو هەولێری پایتەختی کوردستانو لە بەردەم حەرەمی زانکۆ و بەبەرچاوی خوێندکارانەوە ئەنجامدرا، پیشاندانی رەگەزێکی ((کۆلکە دیکتاتۆری)) ترسنۆکانەیە بۆ خۆ نمایشکردن وەکو هێزێکی خێڵەکی ئینسان کوژ بەشێوەیەکی نهێنی، بۆ ترساندنی قەڵەمە ئازادەکان، ئەم کردەوە قێزەوەنە مێژوویەکی تفتو تاڵمان بیر دەخاتەوە دەسەڵاتێکی قوڵ لە دیکتاتۆری سەردەمی فاشیزمی بەعس لە ساڵی ١٩٨٥ کە سێ گەنجی شاری سلێمانی (ئارامو شاسوارو هاورێکەیان) بە بەرچاوی ئەو شارەو هاورێ خوێندکارانیانەوە لە بەردەم قوتابخانەیەکدا گولەبارانیان کردن، تەنها جیاوازی ئەم دوو تاوانە گەورەیە لەوەدایە، ئەوەی رابردوو بەعس ئەنجامیدا بە شێوەیەکی ئاشکرا دەسەڵاتی (دڕندەییو دیکتاتۆری) خۆی نمایش دەکرد، بەڵام ئەم تاوانە وەحشیگەرییەی کەوا سەردەشت عوسمانی تیرۆر کردو ناو دەمی پڕ کرد لە فیشەك، بەشێوەیەکی نهێنیو شاراوە گوزەر لە دەسەڵاتێکی «خێڵەکی کۆلکە دیکتاتۆر» دەکات زەنگێکی گەورەیە بۆ دەسەڵاتێکی هەمەکیو سەرتاپاگیر لە کوردستان. من ناتوانم هیچ هێزێك لە کوردستان تاوانبار بکەمو ئەم تاوانە گەورەیە بخەمە ئەستۆی لایەنەکان تا دۆزینەوەو ئاشکرا کردنی بکوژانی سەردەشت عوسمان، هەموو هێزەکان بێ تاوانو پێویستە بێتاوانی خۆیشیان بسەلمێنن بۆ خەڵك، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا پێویستە دەسەڵات بە زووترین کات، وەڵامی خەڵك بداتەوەو زۆر بە جدیو پەیگیرانە هەوڵبدات تاوانباران بدۆزرێتەوەو رادەستی دادگا بکرێنو تاونباران ئاشکرا بکرێنو دیسان سزایش بدرێن، بۆ ئەوەی خەڵك دڵی ئاو بخواتەوە. ناکرێت ئەم خرۆشانە مەدەنییانەی خەڵك خانەبەندیو پۆلێن بکرێتو بخرێتە خانەی چالاکی هێزێکی سیاسییەوەو پێی تاوانبار بکرێت، تەنها بۆ شاردنەوەی تاوانەکەو پشتگوێخستنی، چونکە خەڵکی کوردستان زۆر لەوە هۆشیارترە، گەر هێزێکی سیاسی وا تێگەیشتبێت، دەتوانێت تێڕوانینو دیدگای خەڵك بە لارێدا بەرێت. خۆپیشاندانو هاتنە سەرشەقامەکان، مافێکی سەرەتاییو دیمۆکراسیو مەدەنییانەی خەڵی کوردستانە، لۆژیك نییە ئەو هەرا راگەیاندنە دژەی بۆ بەرێ بخرێت بە مەبەستی پرۆتسۆ کردنی. بە دەنگ هاتنی خەڵکی کوردستان، لە بەرامبەر تاوانێکی گەورەی وەهاداو بە توندی مەحکوم کردنی ئەو تاوانە گەورەیە، بڕیارێکی شەرافەتمەندانە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکێکی ئینسانیو نیشتمانیو مەدەنییانەی خەڵکی کوردستانە. من دەڵێم، ئەمە چرکە ساتی هاتنە مەیدانی ئیرادەی مەدەنییانەی خەڵی کوردستانە، کە دی هاوڵاتیانی کوردستان لە ئاست هەر تاوانێكو پێشێلکارییەك دەرهەق بە مافەکانی بکرێت بێدەنگ نابنو هەرگیز ناتوانن خۆڵ بکەنە چاوی خەڵكو پێویستە هەموو هێزە سیاسیو مەدەنییەکانی کوردستان، بە تایبەتی ئەوانەی خولیای پێشکەوتنو دیمۆکراسین پێی دڵنیاشبنو بینرخێنن، نەك دژایەتی هەنگاوێکی مەدەنییانەی لەم جۆرە، بکەنە کارنامەی سیاسی خۆیان.

> **لە هەموو سەردەمەکاندا، تێکڕای ئەو دۆخانەو هەڵوێستی رۆشنبیرو رۆژنامەنووسانی سەربەخۆ بووە بە فۆبیاو ترس، بەلای دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانەوە، سروشتیە مێژووی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانو پەیوەندی لەگەڵ توێژی رۆشنبیرانو نووسەرانو رۆژنامەنووسانی بە هەڵویست، مێژوویەك بووە پڕاوپڕ لە ستەمکاریو کوشتو بڕ**